## کۆنفرانس و کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی ساڵانەی فیدراسیۆن لەگەڵ کۆمەڵەکانی ئەندام

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید بە بەشداریی **20** کۆمەڵەی ئەندام و یەکێتی ژنانی کوردستان و یەکێتی لاوانی کورد و ئۆرگانەکانی و نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باکووری ئەورووپا و نوێنەری لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی **2005/12/15** و چەند میوانیتر لە ئەنجوومەنی کوردەکانی سوریا و پلاتفۆروی کوردی ئەورووپا و بەڕێز دوکتۆر فازل جاف دەرهێنەری شانۆ، لە ڕۆژی **2005/11/26** کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژەی لە **ABF**ی ستۆکهۆڵم پێکهێنا.

ڕۆژی **2005/11/26**، شەرمین بوزئەسلان کۆنفرانسەکەی بە خولەکێك وەستان و بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەتی شەمدینان، گەوەڕ ، جۆڵەمێرگ و خانەقین کردەوە و مەبەستی فیدراسیۆنی لە پێکهێنانی کۆنفرانسەکە بۆ بەشداران ڕوون کردەوە. دوای ئەوە بەڕێز نسرەت حاجی بە نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد و لەودا سوپاسی هەوڵ و چالاکییەکانی فیدراسیۆنی کرد و تیشکی خستە سەر هەڵبژاردنی ڕۆژی **2005/12/15** و بەشدارییکردنی گەلی کوردی لەو هەڵبژاردنە بە ئەرکی نەتەوەیی لە قەڵەمدا. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەرۆکی فیدراسیۆن داوای لە بەڕێز کەمال مهاجر کرد کە بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان **730** لەسەر هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کۆماری فیدراڵی عێراق بەشداران ئاگادار بکاتەوە. ناوبراو دوا ئاگادارییەکانی ڕاگەیاند و دواتر وەڵامی پرسیاری بەشدرانی دایەوە.

لە تەوەرەی دەەومی کۆنفرانسەکەدا، **5** گروپی خەبات بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتی دیموکراسی، یەکسانی و گونجاندن (ئینتێگراشۆن) هەڵبژێردران و لە کۆتاییدا سێ گروپ لەو **5** گروپە ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو بابەتەکەیان ئاراستە کرد و دوو گروپیش بە نووسین ڕای خۆیان پێشکەش کرد.

ڕۆژی دووەمی کۆنفرانس کە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریی بوو لەنێوان کۆمیتەی گشتی فیدراسیۆن و کۆمەڵەکانیدا، هەریەك لە ئەندامانی بەرپرس لە کۆمیتەکانی کاریی کۆمیتەی گشتی، سەرۆکی یەکێتی ژنان و سەرۆکی یەکێتی لاوان و ئەندامانی بەرپرسی هەرێمەکانی فیدراسیۆن و نوێنەری کۆمەڵەکانی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا، ئاماژەیان بۆ کار و چالاکیی ئۆرگان و کۆمەڵەکانیان و کەموکورییەکانی خۆیان و فیدراسیۆن کرد و چەند کەسیش بە نووسین پێشنیازی ئاراستەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە کرد.

لە کۆتاییدا داوا کرا لە دوکتۆر فازل جاف کە کۆنفرانسەکە هەڵسەنگێنێ و وەك کەسایەتییەکی دەرەوەی فیدراسیۆن ڕای خۆی لەسەر شێوەی بەڕێوەچوون و خاڵەکانی کۆنفرانسەکە ڕابگەیەنێت. بەڕێزیان پێکهێنانی گروپی کار بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر خاڵە دەستنیشانکراوەکان بە خەباتێکی بە کۆمەڵ و باش زانی و کراوەیی و ڕوونیی (شەفافیەت)ی لە خەباتی کۆنفرانسەکە بە خاڵێکی سەرکەوتوو بۆ فیدراسیۆن لە قەڵەمدا و جۆری بەڕێوەبردنەکەشی بەتایبەتی لە ڕۆژی دووەمی کۆنفرانسەکەدا بە کارێکی سەرکەوتوو زانی.

لە کۆتاییدا خەڵاتی فیدراسیۆن بەسەر کۆمەڵەکانی ئەندامی فیدراسیۆندا بەشکرا و هەموولایەك خۆشحاڵیی خۆیان لەو هەنگاوە نوێیەی فیدراسیۆن دەربڕی.

شایانی باسە شەرمین بوزئەسلان، میدیا حەسەن، پرشنگ توانا و سەلام جەزیری بەڕێوەبەری ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانسەکە بوون و حامید گەوهەری، شەفیق کایا، کۆڤان ئامەدی، ساڵح دەمیر و مریەم لە یەکێتی ژنانی کوردستان ڕۆژی دووەمی کۆنفرانسەکەیان بەڕێوە برد.